# سۆسیال ئەنتەرناسونال وخەڵکی کوردستان

## sosialInternational und Kurdistan

**فەریدون حەمەڕەشید  سویسرا**
faraidun_73@hotmail.com

دوای لەگۆڕنانی ڕژێمی دەرەبەگایەتی ودەرکەوتن وهاتنی شۆڕشی پیشەسازی لەسەرداروپەردووی سیستەمی کاپیتالیزم وگەشەی بەردەوامی سەرمایەداری سۆسیال ئەنتەرناسونال بەخەباتی نێوونەتەوەی کرێکاران وزەحمەتکێشان خۆی بەرجەستەکرد ڕێکخراوەێکبووکەبەملێۆنان هێزی شۆڕشگێری لەدەورکۆبووبوەوەهەرلەشۆڕشگێرەکۆمۆ نارەکانەوە تا فەیلە سوف وشانۆکارومۆسیقارورۆشنفکرەکانی سەردەمی قۆناغەکە،بەڵام چوارساڵ لەدوای شکستی شۆڕشی کۆمۆنەی پاریس  لەکۆنفرانسی (فیلادلفیا)سۆسیال ئەنتەرناسونالی یەک هەڵوەشایەوە،بەڵام هەرلەبەرزەرووروەتی قۆناغەکە وپەیام و پرێنسیبەشۆڕشگێریەکان، سوسیال ئەنتەرناسونالیستی دووەم وەک ئەلتەرناتیفێک بۆقۆناغەکەوژیانێکی باشتربۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی  وەک ڕێکخراوێکی نێونەتەوەی سۆسیالیستەشۆڕشگێرەکان لەساڵی **1889** لەپاریس دامەزرا،بەڵام لەهەناوی ململانێکانی ئەنتەرناسونالی دووەمدا لەئاستی ڕابەرایەتیکردنی ئەورێکخراوەسۆسیال دیموکراتەکان بەتێزوخوێندنەوەی میانەڕەووترناسرا ن ئەگەرچی لەورۆژانەدا بەرگی ئۆپۆرتۆنیستبون وریڤیژینیزم بوونیان بەبەرداکرا،بەڵام دوای شۆڕشی بەلشەفیەکان لەئۆکتۆبەری **1917** داو،مەرگی فلادیمیرلینین لە **1924**دا وهاتنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری وپۆلیسی ستالین وبەتەحریف ولاڕێدا بردنی شۆڕش ،وەدواتریش ململانێ سەختەکانی شەڕی سارد لەنێوان سۆسیالیسزمی درۆینەولادەرلەگەڵ بێڕەحمی سەرمایەداری لەسەرژیان وجەستەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ،زیاتروزیاترفەلسەفەی سۆسیال دیموکراتەکانی وەک ئەلتەرناتیفی قۆناغەکەلەمەحەکدا،کەکۆمەڵگالەنێوان ملهووڕی سەرمایەداری سەرەڕۆ ودەسەڵاتەتۆتالیتاریستەکان کەبەناوی درۆینەی خەتەشۆڕشگێڕیەکەی ئەنتەرناسونالیزمی دووەمەوە هەیمەنەی نیوەی کۆمەڵگای جیهانی بەناوی سۆسیالیزمەوەکردبوو لەبەرداش درابوو،ئەمرۆش لە دونیای سیستەمی نوێی جیهانی وسەردەمی یەک جەمسەری سەرمایەداری لەجیهاندا،سۆسیال دیموکراتەکان لەرۆژئاوادا کەم تازۆرلەبێ ڕەحمی وزاڵمی پەیوەندیەکانی ئابوری سەرمایەداریداڕێگەچارەو قسەیەکیان بۆکۆمەڵگاهەیە..                ە

ئەمرۆسۆسیال ئەنتەرناسونال لەسەرگۆڕەپانی سیاسی جیهان بەوپرەنسیپانەجیادەکرێتەوەلەگەڵ ڕەووت وئایدۆلۆژیا کانی دی کەپێدا گرەلە سەر چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ ،ئازادی ڕەها،فرەکلتووری ،ئازادی لەهەڵبژاردنی ئاین وبیروباوەڕ،دەستەبەرکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی،دەستەبەرکردنی تەواوی مافەکانی ژنان،بەرقەرارکردنی ئاشتی، بەرگریکردن لەبێگانەوپەنابەران ، هەمووئەم دەستکەوتانەش دوورلەدرووشم بازی لەئەزمونی دەسەڵاتی حکومڕانی ئەوپارت وڕێکخراوانەی لەئەوروپادا لەژێرتەوژمی سۆسیال ئەنتەرناسونالیستداخەباتی سیاسی دەکەن بەئاسانی دەبینرێت،سۆسیال دیموکراتەکان لەئەوروپاداخاوەنی هێزی بەرینی جەماوەریی وموتمانەی گەورەی خەڵکن هەر لەو متمانەوە لەزۆربەی وڵاتانی ئەوروپائەگەرحیزبی فەرمانڕەوانەبن،ئەوالایەنی سەرەکی حکومەتەئیهتلافیەکان پێکدەهێنن ، بەهەمووئەودەلیلانەهێزی پرسەنگ وقورسایین لەهاوکێشەسیاسیەجیهانیەکان،بۆیەئەبێت هاتنی وەفدی سۆسیالیست ئەنتەرناسونال بۆکوردستان وبۆئەم قۆناغە سیاسییە هەستیارەی خەڵکی کوردستان بەکردنەوەی دەرگایەکی تری پەیوەندیەدەرەکی ودیبلۆماسیەکان بەئەژماربێنین کەئەمڕۆلەهەموکات زیاترپێویستمان بە درێژ کردنی دەستی ئەوانەبۆمتمانەدانیان بەئەزموونی کوردستان وهاوکاریکردنیان بەرێنامایەکانیان بۆئاسایکردنەوەی کەرکوک وناوچەبەعەرەبکراوەکان وەک

پشتوپەنایەکیش بۆئەوەی لایەنی بەرامبەرچ لەناوخۆی عێراق و چ لەوولاتانی ناوچەیی لەحەتمیبوونی گۆڕانەکان و کرانەوەی دەرگاکلۆم دراوەکان بەڕووی خەلکی کوردستاندادرک بکەن،هەم بۆڕێنوێنی ودرێژکردنی دەستی کۆمەکەکانیان بۆهەلومەرجی نائارامی وسیاسی لەپارچەکانی تری کوردستان کەلک وەرگرین، ڕێکخراوی سۆسیال ئەنتەرناسونال سەرەڕای ئەوەی میوانی ڕەسمی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەبەوەی ئەندامە لەڕێکخراوی سۆسیال ئەنتەرناسونال لەهەمان کاتیشدا میوانی نەتەوەیی خەلکی کوردستانەبەوئاماژانەی ئامۆژگاری وداتاکانیان بۆهەمووبەشەکانی خەڵکی کوردستانە،خەلکی کوردستانیش لەمێژووی خەباتی ئازادیخوازیدا دوربووە لەتووندوتیژی ناشۆڕشگێڕانەوکاردانەوەی توندڕەوی کەبووبێە ئازاردانی خەلکی سڤیل لەهاولاتیانی ڕژێمەکانی سەردەستدا، لەهەنووکەی خەباتی ئێستاشدا لەومەدەتوندووتیژیەلەتیرۆروبالادەستبوونی کۆنەپەرستی بەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا تێدەپەڕێت خەلکی کوردستان گۆشەگیروخالێیە لەدەمارگیری ئاین وکۆنەخوازی .بەلکوو نیشانەکانی ئەوەی بەرۆشنی وروونا کی تیادەخوێنرێتەوە کەنەتەوەیەکی پێخۆشحالْ وئامادەیە بۆ هەنگاو بەرەو کۆمەلگاو ژیانێکی کراوەوسکولار،دەستەبەرکردنی ئازادی وهەولْدان بۆجێخستنی دیموکراسی خالێ هاوکۆیی وهاوخەباتی خەلکی کوردستان و ڕێکخراوی سۆسیال ئەنتەرناسونال پتەوتردەکات بۆژیانێکی باشتروکۆمەلگایەکی ئارام وخۆشگوزەران بۆ مرۆڤایەتی لەقۆناغی ئەمڕۆی کۆمەلگای مرۆڤایەتی دا .

٥